پرسیارم لە پێغەمبەری خودا کرد -صلى الله عليه وسلم- سەبارەت بە ئاوڕدانەوە لە کاتی نوێژدا؟ فەرمووی: ئەوە شێوازێکی کەمکردنەوەیە بەهۆیەوە شەیتان لە (پاداشتی) نوێژی بەندە کەمدەکاتەوە

لە عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پرسیارم لە پێغەمبەری خودا کرد -صلى الله عليه وسلم- سەبارەت بە ئاوڕدانەوە لە کاتی نوێژدا؟ فەرمووی: «ئەوە شێوازێکی کەمکردنەوەیە بەهۆیەوە شەیتان لە (پاداشتی) نوێژی بەندە کەمدەکاتەوە».

[صەحیحە] [بوخاری گێڕاویەتیەوە]

عائیشە -ڕەزای خوای لێبێت- پرسیاری کرد لە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- سەبارەت بە ئاوڕدانەوە لە کاتی نوێژدا، ئایا زیان بە نوێژ دەگەیەنێت وکاریگەری دەکاتە سەر نوێژەکەی؟ ئەویش فەرمووی: ئەم ئاوڕدانەوەیە شێوازێکی کەمکردنەوەیە بە خێرایی ونهێنی بەهۆیەوە شەیتان لە پاداشتی نوێژی بەندە کەمدەکاتەوە ونوێژەکەی لێ تێکدەدات.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/10878